بە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی سێ قۆڵی وەزیرانی ناوخۆی عێراق و ئێران و پاکستان..شەمەری گەیشتە تاران

ئەمڕۆ دووشەممە وەزیری ناوخۆ عەبدولئەمیر شەمەری، بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی سێ قۆڵی وەزیرانی ناوخۆی عێراق، ئێران و پاکستان گەیشتە تاران.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی وەزیری ناوخۆ لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە "وەزیری ناوخۆ عەبدولئەمیر شەمەری و شاندی یاوەری لەسەر بانگهێشتی فەرمیی وەزیری ناوخۆی ئێران ئەسکەندەر مەمەنی بە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی سێ قۆڵی وەزیرانی ناوخۆی کۆماری عێراق، کۆماری ئیسلامی ئێران، و کۆماری ئیسلامی پاکستان، گەیشتنە تارانی پایتەختی ئێران، بە تاوتوێکردنی ئامادەکارییە بەردەوامەکان بە بەشداریکردنی سەرکۆتووانە لە یادی سەردانی چڵەی ماتەمینی ئیمام حوسێن (درودی خوای لەسەر بێت)".

ئاماژەی بەوەشکرد، "لە میانی کۆبوونەوەکەدا سەرجەم بابەتەکانی پەیوەست بە هاتن و ڕەیشتنی سەردانکەران تاوتوێ کران، و بابەتەکانی پەیوەست بەم بنە گرنگە.

هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا باس لە بەرزکردنەوەی هاوکاری و هەماهەنگی لە بوارەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، نیشتەجێبوون، و پرسەکانی پەیوەست بە ئاسایش کرا".

ئاماژەی بەوەشکرد، "لە کۆبوونەوە سێ قۆییەکەدا ژمارەیەک سەرکردە و ئەفسەری وەزارەتی ناوخۆی عێراق و پارێزگای کەربەلا و ئەندامانی لیژنەکانی ئاسایش و خزمەتگوزاری ئامادەبوون،هەروەها بایەزی

وەاتانی بەشداربوو ، و ژمارەیەک بەرپرسی حکومەتەکانی ئێران و پاکستانیش ئامادەبوون".

ەوەزیری ناوخۆی ئێران "سوپاس و پێزانینی خۆی بە حکومەت و گەلی عێراق دەربڕی بە پێشوازیکردن لە سەردانکەرانی چلەی ماتەمینی".

ەبگوترێی بەیاننامەکە، شەمەری جەختی لەوە کردووەتەوە کە "سەردانی چلەی ماتەمینی پرسەکی گرنگە لەنێوان ئێو وەاتاندا".